# کاك مەسعود بارزانی هەر چاوەڕێی گۆدۆی بەڵێنەکانت دەکەین!

**ستیڤان شەمزینانی**
Shamzini79@hotmail.com



**ساڵی پار دوای ئەوەی شەپۆلێکی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە ، من لەلایەن ئاسایشەکانی سەرۆکی هەرێمەوە لەرۆژی 2006\8\13 دەستگیرکرام و ئەشکەنجەیەکی باشیش درام ، بەڵام بۆ رۆژی دواتر وەك ئەندامێکی سەرەکی شاندێکی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەشداربووم لەسەردانێك بۆ لای سەرۆکی هەرێم کەکۆبوونەوەکە پەیوەست بوو بەهەمان پرسی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکان لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بەتێرو تەسەلی باس لەهەلومەرجی کوردستان و فاکتۆرەکانی ئەو شەپۆلە ناڕەزایەتییە کرا و ئێمەش وەك نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی راو پێشنیارو داواکارییەکانمان خستە روو،ئەوەی بەلای منەوە جێگەی دڵخۆشیی بوو ئەوەبوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر دەفتەرێکی تێبینی راو داواکاریی و پێشنیارەکانی ئێمەی دەنووسییەوە ، پێموابوو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر راسپاردەکانمان بەخێرایی چەند لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و چارەسەر دروست دەکات لێ بەداخەوە ئەو سەردانەی ئێمەش هیچ جێگەیەکی نەگرت ، لەو دیدارەدا جەنابی سەرۆکی هەرێم زۆر بەڵێن و قسەی جیددی کرد کە تەواو دڵخۆشکەربوون ، من تاکە کەسی ناو ئەو کۆبوونەوەیە بووم دەفتەری رۆژانەکەی خۆم دەرهێنا و دەستمکرد بەیادداشت کردنی وتەکانی کاك مەسعود بارزانی کەئەم کارە واسەرقاڵی کردم لەبیری بردمەوە پشتمی نیشان بدەم کەچۆن پۆلیس وئاسایشەکانی وی لەسلێمانی بەداروکێبڵ و تێهەڵدان بۆیان شین کردبوومەوە .**

**جەنابی سەرۆکی هەرێم لەو کۆبونەوەیەدا بۆ ماوەی 33 خولەك قسەی بۆ کردین و لەناو قسەکانیدا زۆر وادەو بەڵێن و شتی جیددی هەبوون کەمن لێرەدا گوڵبژێرێك لەوقسەو وادەو بەڵێنانە بەبیر دەهێنمەوەو دەیخەمە روو:**

- **من دەزانم مافیا دروست بووە ، لێیان دەدەم یان من لادەچم یان ئەوان،بەڵام ئەمە کاتی دەوێت .**

- من هەوڵدەدەم بۆ دیموکراسی ئەگەرپێم نەکرا بەڵێنتان دەدەمێ لەپەرلەمان رایدەگەیەنم .
- من لەئێوە زیاتر گلەییم هەیە ، رەنگە ئێوە موراعاتی منتان کردبێت .
- ئێمە ئینقلابچی نین ، ئێمە پێشمەرگەین بەدەنگی ئێوە و جەماوەر لامانبەن .
- من حەز دەکەم خۆپیشاندان هەبێت بەڵام نەچێت دەستدرێژیی بکاتە سەر نەخۆشخانە .
- من داوای یارمەتی لەئێوە دەکەم هاوکاریی ئێمە بکەن چونکە دەمانەوێ بەرەو مەدەنیەت بڕۆین .
- بەمەسەلەکانی قەزاو پەرلەمان و گەندەڵیدا دەچینەوە .
- ئەگەر ئەم دەستەڵاتە بوو بە دیکتاتۆریی لەگەڵ ئێوەدا خۆپیشاندان دەکەم و ئامادەنیم سەرکردەی دیکتاتۆریی بم ، ئامادەش نیم لەژێر سایەیدا بژیم .
- من دیفاع لەپارتی و یەکێتی ناکەم کەبێگوناهن بەڵام نابێت خەباتەکەیان سووک بکرێت .
- ئەگەر هەر چەوساندنەوە هەبێت لەکوردستاندا کەواتە باهەر دوژمن بێت .
- من داواتان لێدەکەم یارمەتیم بدەن و ئەگەر شتەکانم بەبەڵگەوە بدەنێ ئەوە بەڵێن بێت ئەو نهێنییە لای خۆم دەپارێزم ، بەرپرسێکی تێکۆشەر هەقە خانوویەکی هەبێت بەڵام هەقی دوو خانووی نییە .
- دەبێت ئێمە دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین هەرچەندە ئاسان نییە .
- دەبێت میزانیە دیار بێت و نایەڵم ئاسایش تەداخول بکات لەژیانی خەڵکدا ، ئەگەر لەترسی تیرۆر نەبێت بەیانی ناهێڵم ئاسایش بمێنێت .
- من بەقەناعەتەوە باوەڕم بەم قسانە هەیە و لەژێر فشاردانییە ، چونکە من باوەڕم بەدیموکراسی و بەدەزگایی کردنی حکومەت هەیە .

ئەگەر سەیر بکەین و ساڵێك دوای ئەم قسانە بە پێشان بەراورد بکەین ، نەك بەدەستێکی پۆڵاین لەگەندەڵی نەدراوە بەپێچەوانەوە گەندەڵی زۆر زیاتر جەستەی دەستەڵاتی گرتووەتەوە و هەنگاوەکانی داڕزاندووە ، ئەگەر سەیر بکەین مافیاکان نەك لەزیندان نین بەڵکو لەجاران زیاتر پلەیان بەرز بووەتەوە ولەهەرەمی دەستەڵاتدا شانیان لەسەر سەرینێکی پەڕ داداوە و لەکەشێکی شێدارو لەباردا سەروەتی وڵات حەپەلوش دەکەن ، ئەگەر سەیر بکەین نەك یەك هەنگاو بۆ بەدەزگایی کردن و رێکخستنی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتەکان نەنراوە بەڵکو زۆر زێدەتر لەجاران پاشاگەردانی و رۆتین و بیرۆکراتیەت باڵی کێشاوە بەسەریاندا ، ئەگەر سەیر بکەین بەرپرسەکان نەك خانوویەك و دووان دەیان ڤێلا و باڵەخانەو بازاڕی هاوچەرخیان هەیە و کردووەتەوە ، هەر دوای قسەکانی سەرۆکی هەرێم هەراشانەتر لە پێشان بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتی خانووە سیحراوییەکانی خۆیان لەجەرگەی شارەکاندا قووت کردووەتەوە ، ئەگەر سەیر بکەین نەك ئاسایش تەداخول لەژیانی هاووڵاتیدا دەکات بەڵکو بەشەق و مشتەکۆڵە رۆژنامەنووس رادەکێشێت بۆ ژووره تاریکەکانی زیندان ، ئەگەر سەیر بکەین میزانیە نەك هەر دیار نییەو شەفافیەت لەئارادا نییە لە چۆنێتی خەرجکردنیدا بەڵکو هەموومان تووشی شۆك بووین کە بودجەی ئەمساڵی حکومەت کورتی هێنا بێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەکی ئەوتۆ و ستراتیژیی ببینین کەلەسەر ئەو بودجەیە جێبەجێ کرابێت ،ئەگەریش سەیر بکەین ئەم دەستەڵاتە بووە بە دیکتاتۆریی و هەرچی رێکخراوە جیهانی و باوەڕپێکراوەکانی مافی مرۆڤ و چاودێریکەری ئازادییەکانە دەستەڵاتی کوردستان تاوانبار دەکەن بەسەرکوتی سیاسی و خەفەقاندنی مافەکانی مرۆڤ ، ئەو رێکخراوانە لەچەندین راپۆرتی جیاجیاو ئامادەکراوی خۆیاندا پارتی و یەکێتی بە پێشێلکارێکی هەرە دیاری ماف و ئازادییەکان ناوزەد دەکەن لە

تـەواوی ناوچـەکەدا ! سـەرۆکی هـەرێم نـەك هـەر نەهاتـە پەرلـەمان بـەڵکو هەرباسیشی لەبەرنییـە بـە دوو رسـتە ئیدانەی ئەو تاوان و پێشێلکارییانە بکات و بەڵێن بدات بۆ بەگژاچوونەوەی سەرکوتی سیاسی و فکریی .
ئگــەر زەیــن بــدەینێ رێکخراوەکــانی کۆمــەڵی مــەدەنی لەکوردســتان چــەندان داتــاو دیکۆمێنتیــان لەســەر گەندەڵییـەکانی بـواری سـووتەمەنی و کارەبا لەرۆژنامەکانـدا بڵاوکـردەوە بـەلام سـەرۆکی هـەرێم نـەك لیژنـەی لێکۆڵینـەوەی دروسـت نـەکرد بگـرە بەنامەیـەك سوپاسـی هـەوڵی رێکخراوەکـانی نـەکرد و زۆر دڵنیاشـم جـەنابی سەرۆك هیچ کام لەو رۆژنامانەی نەبینیوە جا نەخاسمە خوێندبنییەوە ! ئەگەر دوای ساڵێك واقیعی کوردستان لە بێژنگ بدەین دەبینین جەنابی سەرۆکی هەرێم لەبری داکۆکیکردن لـە هاوولاتییـە بەشمەینەتـەکانی ولاتەکـەی هـەر غـەمی پارتەکـەی خـۆی دەخـوات و زۆر لـەجاران پەرۆشانەتر داکـۆکی لـەپارتی و یـەکێتی دەکـات بەهـەموو گەنـدەڵی و پۆخەڵەواتەکانیانـەوە ، ئەگـەر سـەیر بکـەین دوای سـاڵێك کـاك مەسـعود نـەك هـەر نایـەت لەگـەڵمان خۆپیشاندان بکات بەڵکو پۆلیس و ئاسایشەکانی وی لە زاخۆ تا خانـەقین رێ لـە خۆپیـشاندانەکانمان دەگـرن و هۆڵـەکانی زینـدانیان بـۆ سـازو ئامـادەکردووین !ئەگـەر سـەیر بکـەین دوای سـاڵێك لـەبری دەخلـی تاکەکـەس و فەرمانبەران بەرز بکرێتەوە کەچی لەم رۆژە رەش و گرانییە ئەفسوناوییەدا لـەژێر نـاو و بەپاساوی تەقەشوف و بنبڕکردنـی گەنـدەڵی موچـەکانیان کەمدەکرێتـەوە ! دوای سـاڵێك نـەك هـەر نـاوێرین باسـی گـۆڕینی دەسـتەلاتی کـوردیی و گـۆڕینی ئـەم دەور و دوکانـە بکـەین بـەڵکو لەسـەر داوای ریفـۆرم و گۆڕانکـاریی کردنـی لاوەکـی لەسیستەمی ئیـداریی و سیاسـی دەبرێینـە بـەردەم دادگـا و نـان بـڕاو دەکـرێین و بەربەسـت و کۆسـپ و تەگـەرە لەبەردەم کارەکانمان دادەنرێت ، هەندێجار دەکەوینە ژێر پێ لەقەی ئاسایش و پۆلیسەکانی جـەنابی سـەرۆکی هەرێم وبە ڕاکێشان وجنێو فرێمان دەدەن پشتی ئۆتۆمبیلەکانیانەوە بۆ زیندان.
بەڕێز جەنابی سـەرۆکی هـەرێم مـن و هاوڕێکـانم واد و بەڵێنـەکانی تۆمـان لـەیادەو لـەبیرمان نـەکردووە ، ئێمـە وا نەڕۆیشتینەوە بەڵێنەکان لە سەقفی ژووری کۆبوونەوە بگیرێن و نەیەنـە دەرەوە بـۆ سـەرزەمینی واقیـع ، بـۆ ئـەوە نەهاتین سەیرانێکی سەری رەش بکەین بەڵکو هاتین بۆ ئـەوەی تـەکبیرێك بکـەین بـۆ ئـەم دۆخـە ئاڵۆز و شێواوە.
ئێمـە نـەهاتین بـەڵێنی جێبـەجێ نـەکراو لەگـەڵ خۆمانـدا بێنینـەوە ، هـاتین هـەتاوەکو گرەنتییـەك لەبـەرزترین دەستەلاتداری ولات وەربگرین بۆ گۆڕان و چاکسازیی و ریشەکێشکردنی گەندەڵی و نەخۆشییەکانی تری بواری ئیدارەو بەڕێوەبردن و سیاسەتکردن ، ئێمە نەهاتین ژەمێکی تێروپڕ لە مۆدێرنترین رێستۆرانەکانی ولات بخۆین و بخۆینەوە لەولاشەوە هەزاران کەس وێڵی پەیداکردنی سادەترین جۆری خواردن و خواردنەوەبن ، تەنانەت من نەمتوانی یەك تیکە نـان چییە بیخـۆم چونکە بـەر لـە هەفتەیـەك لـەو سـەردانە بەئـەرکێکی رۆژنامـەوانیی چوومە ئۆردوگای سمودی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان ، ئەو تراژیدیایەی لـەوێ بینـیم یـەك راسـتی لاسـەلماندم : ئـەنفال کۆتـایی نـەهاتووە بـەڵکو مۆدێلێکی تـر لـە ئـەنفالی رۆحـی و دەروونـی لەلایـەن خـودی دەسـتەلاتی کوردییـەوە درێژەی پێدەدرێت ، ئەو دیمەنە جەرگبڕەی لە سمود بینیم رێگەی لێگرتم لەسەر ئەو سفرە پڕ نیعمەتە کەوچك و چەتاڵ بگرم بەدستمەوە و بە بزەیەکی درۆزنانەوە بەدەم لێپرسراوانەی کوردەوە پێبکەنم و بخۆم و بخۆمەوە.
ئێمە نەهاتین تا لە (هیران) هەنگوین و ربەهەنار و گوێز و چوالە بکڕین ، بۆ ئەوەهاتین قسە بگـۆڕین بـۆ کـردار، بۆئەوە هاتین بەڵێنەکان بگۆڕین بەهەنگاو ، بۆئەوە هاتین گوێمان لێبگیرێ نەك ئامۆژگاریی بکرێین .
بۆ ئەوە نەهاتین چەند دانە وێنە بگرین بۆ یادگـاریی هـەڵیانبگرین ، هـاتین یادگارییـەك بـەجێ بهێڵین لەمێـژووی پیادەکردنی دیموکراسی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە رووەو کۆمەڵێکی مەدەنی و بەرهەمهێن و زیندوو و ئامادە .

بۆ ئەوە نەهاتین داوایەکی شەخسی و تەنانەت ڕێکخراوەیی لە ئێوە بکەین ،بۆ ئەوە هاتین دادوبێدادو هاوارو گلەیی و بێزاریی چوار ملیۆن کەس بگەیەنینە ناو کۆشکی سەرۆکایەتی هەرێم و هەموو لایەك لە ئاکام و مەترسییەکانی داهاتووی بەردەوامبوونی گەندەڵی و نایەکسانی لەدابەشکردن و پشتکردنە خەڵکی لایەنی دەستەڵات ئاگاداربکەینەوەو بەگوێی بەرزترین کەسی نێودەستەڵاتیدا بدەین .

بۆ ئەوە نەهاتین زەوی وەربگرین ، گلەیی لە بەرو دراوسێ بکەین ، چاوپۆشیی لە ناعەدالەتی بکەین ، هیچ دیارییەکی بەرجەستەشمان پێ نەبوو ، ئێمە هاتین مەسجی جەماوەری بێدەنگ کراو وترسێنراو بگەیەنینە بەرزترین ناوەندی بڕیار لە کوردستاندا ، هاتین بڵێن بەسە گەندەڵی ،بەسە بێ یاسایی، بەسە گوشینی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ ، بەسە حکومی حیزبی و عەشیرەت و دەستەو بنەماڵە ، بەسە ئەو ئیمەیجەی لەکوردستان بووەتە ڕەنگ وسیمای دەستەڵات و ئیدارە ، هەرئەمە مەسجەش بوو تاکە دیاریی دەستمان.

جەنابی سەرۆك ئێمە هاتین بۆ ئەو داواو داخوازییانە ، ئیدی نازانم تۆ ئێمەت بۆچی بانگهێشت کرد ؟ چونکە ئەوەی تۆ ئەوێ ڕۆژێ بەڵێنت پێدااین نەك یەك هەنگاوی بۆ نەنراوە بەڵکو هەر سەرکردەکانی پەنا خۆت بە دەنگی بڵندو بێ پچڕان وەك موعەلیقی فوتبۆڵ ئەو هەنگاوانە بەکارێکی شێتانەو مەحاڵ لەقەڵەم دەدەن !!.

جەنابی سەرۆکی هەرێم ئێمە هەرهەموومان چاوەڕوانی ئەو هەنگاوانە لەتۆ دەکەین، ئایا لەبیرت کردوون یان هەر ئێمەت پێ بەڕێ کرد ؟ هەرچییەکیان بێت بێگومانم لەوەی باجی قورسی لەدوایە ، چون ئەگەر ئەمڕۆ هاووڵاتییەکانت بەیداخی ئەنفال و جینۆساید و ئالأی عێراقی عروبە لەپەنا تەخت و پەرلەمانەکەتدا هەڵبکەن دوورنییە سبەی ، چیاکان بگرن ، سەنگەر لە دەستەڵاتەکەت بگرن ، گوللە بەو سەرەوەرییانەوە بنێن کەبووە بە ڕەمزی ئەوەی ناوتان ناوە ئەزموونی کورستان ، هیچ یەکێك لەمانە دوور و مەحاڵ نییە چون لەنێو سیاسەتدا تەنیا مەحاڵ مەحاڵە ئیدی هەموو شتێکی تر دەکرێت ڕوودات .

جەنابی سەرۆك خەریکە ردێنمان سپی دەکەین بە دیار واد و بەڵێنە وەهمییەکانتانەوە ، کەواتە ڕێم پێبدە لەخزمەتدا بێژم : تکایە کاك مەسعود بارزانی هەموو هەر چاوەڕێی گۆدۆی بەڵێنەکانت دەکەین کە بەداخەوە وابزانم هەرگیز نایەن .

----------------------------------------

تێبینی : وێنەکە وێنەی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و هەمان ڕۆژی کۆبوونەوەکە (2006\8\14) لە(سەری ڕەش) گیراوە.